# هەرکەسێک گوناهێک بکات، پاشان هەستێت ودەستنوێژ بگرێت، دواتر نوێژ بکات، پاشان داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکات؛ ئەوا خوای گەورە لێی خۆش دەبێت

لە عەلیەوە دەڵێت: من پیاوێک بووم ئەگەر فەرموودەیەکم ببیستایە لە پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم- ؛ خوای گەورە (بەهۆیەوە) سوودی پێ دەگەیاندم بە ویستی خۆی، وئەگەر یەکێک لە هاوەڵانی فەرموودەیەکی بۆم باس کردایە سوێندم دەدا، ئەگەر سوێندی بخواردایە ئەوا باوەڕم پێی دەکرد، وئەبوبەکر -فەرموودەیەکی- بۆم گێڕایەوە، وئەبوبەکر ڕاستی فەرموو، فەرمووی: بیستوومە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «هەرکەسێک گوناهێک بکات، پاشان هەستێت ودەستنوێژ بگرێت، دواتر نوێژ بکات، پاشان داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکات؛ ئەوا خوای گەورە لێی خۆش دەبێت»، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ} واتە: {وە ئەوانەی کە کاتێک کردەوەیەکی ناشیرین دەکەن یان ستەم لەخۆیان دەکەن کە یادی خوایان کردەوە داوای لێبووردن دەکەن بۆ گوناهەکانیان} [آل عمران: 135].

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود والترمذي والنسائي -له الكبرى- وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەربەندەیەك گوناهێک بکات، پاشان هەستێت و بەڕێکی وجوانی دەستنوێژ بگرێت، دواتر دوو ڕکات نوێژ بکات بەنیەتی تەوبەکردن لەم گوناهە، پاشان داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکات؛ ئەوا خوای گەورە لێی خۆش دەبێت. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ} واتە: {وە ئەوانەی کە کاتێک کردەوەیەکی ناشیرین دەکەن یان ستەم لەخۆیان دەکەن کە یادی خوایان کردەوە داوای لێبووردن دەکەن بۆ گوناهەکانیان} [آل عمران: 135].

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65063